سەفەر

بم بەخشە گەر ئیوارەیەك

چرای دڵم لەسەر دڵی تۆ داگیرساند

سنەوبەری دێڕی عومرم، لە پایزی عومری تۆدا

وەراند

دایە سەفەر، سەفەر ، سەفەر

سەفەر لەگەڵ ئەو شیعرانەی لەگەڵای پرتەقاڵ

ئەچن

زستانان نایان وەرێنێ

سەفەر لەگەڵ دڵی ئەو کانیانەی، چاوی

تەڕی عاشقانن

تەمموزان نایان سوتێنێ

من و ئەم خەمە شیرینە، سێوکین و

چەقۆی رۆژگار لەتی کردوین

من و باڵی ئەم نەوڕەسە. فرینێکین

ڕاوچی یەکان فێری بەرزەفڕیان کردوین

بە ترسەوە، وەکو ترسی ئەو گوڵانەی لەسەر

لاڕێکانا دەڕوێن

،بە خورپەوە لەگەڵ خورپەی ئەو مەلانەی

لەناو قەفەسا بەند ئەکرێن

دایە سەفەر

........................................

عیرفان ئەحمەد